# بایادی کیمیابارانی" هەڵەبجە"بکەینە
# ڕۆژی بڕیارێکی سیاسی

لەرۆژی 1988/3/16زلهێزە جیهانیەکان , جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران , رژێمی سەرکوتگەری بەعس , ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد, دەستە وتاقمی ئیسلامی قسەو کردەوەی خۆیان وەك شەریکی پرۆژەیەکی بازرگانی بەرانبەر خەڵکی هەڵەبجە ئەنجام دا . ئەو پرۆژەیەی هەموو شەریکەکان قازانجی خۆیان وەرگرت و بەشی خۆیان برد , ئەوەی زەرەرمەند بوو ئەوەی ژیانی ئینسانی و کۆمەڵایەتی لێ تێکچوو ئەوەی مەرگی عەزیزترین کەسی بەچاوی خۆی دی خەڵکی هەڵەبجە بوو . ئازاری خەڵکی هەڵەبجە ئاوارەبوونی خەڵکی هەڵەبجە کیسەی ئەزموونی ئینسان کوژی شەریکەکانی پڕ کرد . 14 ساڵە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردکە دەسەلاتیان بەدەستەو شەریکێکن لە شەریکەکانی پرۆژەی کاولکردنی هەڵەبجە ئەیانەوێت ئەم رۆژ و ئەم یادە کە تەعبیرە لە ویژدانی ئینسانی و سیاسی خەڵکی هەڵەبجە و کوردوستان و سەرجەم ئینسانە عەدالەتخواز و پێشکەوتووخوازەکان وەك رۆژ و یادێکی سادە تێپەرێنرێت و تەنها بە مۆسیقاو لاواندنەوەو هەندێك کاری هونەری کە زیانی نەبێت بۆ دەستەلاتی ئەوان و مێژووی رەشیان هەڵنەداتەوە بگوزەرێت. دوای 17 ساڵ لە کیمیاباران کردنی هەڵەبجە ئەوا دیسان زلهێزە جیهانیەکان و لە ژێر کاریگەری دەوڵەتانی ناوچەکەو بە بەشداری ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد و عەرەب و دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی خەریکن قسەو کردەوە یەکی تر ئەنجام دەدەن . قسەی ئەمجارەشیان بۆ خەڵکی هەڵەبجەو کوردوستان هەمان ئەو قسەو کردەوانەن کە ئەنفال , کیمیاباران , تەرحیل , تەبعیس و گۆڕستانی بە کۆمەڵ بۆ هێنان .پێك هێنانی عێراقێکی عەرەبی و ئاودراو بە شەریعەت و ئیسلام . عێراقێك کە کەلاوەکەی سیستانی ئەو جێگایەیە کە هەستیارترین بڕیارەکانی لێوە دەردەچێت ئەیانەوێت بەبێ بڕیاری ئەم خوێن خۆرانە کەس نەتوانێت هەناسەیەك بدات . پرۆسەیەك ئەحزابی قەومی کورد بەردێکن لە دیوارەکەی لەدژی خەڵکی هەڵەبجەو سەرجەم خەڵکی ستەم دیدەی کوردوستانە . پرۆژەیەکە خەڵکی هەڵەبجە و کوردوستان وەك خەڵکی پلە دوو بە حیساب دێنێت و ئەگەری هەر رۆژەی دووبارەبوونەوەی ئەنفال و کیمیاباران وگۆڕستانی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردوستان بەدیاری دەهێنێتەوە. 17ساڵە ئەم هێزانە خەریکن لە دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی هەڵەبجە و کوردوستان قسەو کردەوەی خۆیان جێبەجێ دەکەن . 17 ساڵەو ئەوەی کە خەڵکی هەڵەبجەو کوردوستان بینیان تەنها شەڕو ماڵ وێرانی بوو تەنها برسی بوون و بێکاری بوو . ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئێمە خەڵکی هەڵەبجەو کوردو ستان لەیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا قسەیەکی ترو کارێکی تربکەین . کاتی ئەوە هاتووەو زۆر درەنگیشە کە بڕیارێکی تر بدەین بڕیارێك ببێتە دەرمان بۆ بریندارەکان , ببێتە ئاوی پاك بۆ خواردنەوە , ببێتە کارەبا,ببێتە باخچەی یاری و گوڵ و گوزار , ببێتە ئازادی و گەڕانەوەی ئیرادە بۆ خەڵکی هەڵەبجەو کوردوستان , بڕیارێك ببێتە دیوارێکی پۆڵاین بۆ کۆتای هێنان بە پلە دووی و گێڕانەوەی ستەمی میللی بۆ سەر خەڵکی کوردوستان خەڵکی هەڵەبجە .

خەڵکی کوردوستان

سەرجەم ئینسانە شەریف و ئازادیخوازەکان

با یادی کیمیابارانی ئەم ساڵ بکەینە رۆژی بڕیارێکی سیاسی و شۆڤێنیەت لە دادگای تاوانەکانیدا دادگای بکەین و بیخەینە زبڵدانی مێژووە . بڕیاری سیاسی بۆ کۆتای هاتن و دووبارە نەبوونەوەی مەرگەساتەکان جیابوونەوەی کوردوستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی یە . با بۆ ئەم ئامامانجە هەوڵەکانمان یەکخەین و لە دەوری یەکتر کۆببینەوە بە دڵنیایەوە لەم خەباتەدا ئێمە سەردەکەوین .

بژی خەڵکی هەڵەبجە

بەرەو ژیانێکی ئینسانی و شایستەو خۆشگوزەران .

هیدایەت مەلا عەلی
Hidayat_malaali@yahoo.com